# گرتنی ئاغای فەرهادی یان لێدان لە شکۆی حکومەت !؟ *

ئاسۆعەبدوللەتیف

ڕەنگە تا ئێستاش ئێمە لە دیدگای خۆمانەوە حکومەت بین و لە دەرەوەی جوگرافیای ئەم هەرێمە جگە لە حیزب چیتر نەبین و دەوڵەتانی دراوسێ و زلهێز هەر وا بزانن کوردی ئەم پارچەیە هێشتا لە قۆناغی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانیدایە، ئایا ئەمریکاو ئەوانەی وەك ئەمریکا بیر ئەکەنەوە بێئاگان لەوەی کە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمان هەیەو دەبێ ئەوان کەسایەتیە مەعنەویەکەی بپارێزن نەك حەرەمەکەی ببەزێنن و کێبرکێی سیخوڕگەریانەیان یەکلا بکەنەوە لای ئێمە، بەدبەختیش لەوەدایە ئێمە بە گوڵ و زمانی هاوپەیمانێتی ستراتیجییەوە لەوان ئەڕوانین و مەکتەبی پەیوەندی و ئۆفیسی سیاسی و دیبلۆماتیمان لە وڵاتەکانیان کردۆتەوە، ڕووداوی 2007/9/20 و هەڵکوتانە سەر سلێمانی پالاس و دەستگیرکردنی ئاغای مەحمودی فەرهادی ئەندامی سوپای قودسی دەوڵەتی ئێران لە لایەن ئەمریکیەکانەوە بەدەرلەوەی بۆ چ کارێك هاتۆتە کوردستان و چۆن هاتووە!! زادەی ئەوەیە کە ئەمریکیەکان تا ئێستاش نایانەوێت لەرێگەی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمەوە مامەڵەبکەن کاوبۆیی و میلیتاریانە لەم هەرێمەدا لێئەخوڕن و ڕێز بۆ هیچ قودسیەت و کەرامەتێکی مەعنەوی ئەم حکومەتە دانانێن، دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان هێشتا خانەگومانن لە میوانەکانی ئێمەو دەزگا ئەمنیەکانمان و ئێمەش بەوەهمی هاوپەیمانێتی ستراتیجی کە بەس ستراتیجی نیە تەفرەمان خواردووە، ئەم شکۆشکاندنە لەلایەن ئەمریکیەکان و تۆپبارانیش لەلایەن ئێرانیەکانەوە وەنەبێ یەکەم جار و کۆتاجاربێ تا ئاسایی بێتەوە لامان، تەقەکردن لە قوتابیان لە هەولێرو گوندێك لە کەرکوك و کوشتنی ڕۆژنامەنوسێك لەکەلارو ڕفاندنی دیبلۆماتەکانی ئێران لە هەولێرو هەڵکوتانە سەر هەندێ کۆمپانیاو ئوتێل لە سلێمانی و هەولێرو ڕفاندنی مامۆستایان عەلی عەبدولعەزیزو عەلی باپیر بەشێوەیەکی عەسکەریانە لە باوەشی حکومەتی هەرێم نمونەی زیندووی ئەو پێشێلکاریانەن، نامەکەی تاڵەبانیش سەبارەت بە گرتنی ئاغای فەرهادی بۆ هەردوو باڵوێز ڕایان کرۆکەرو جەنراڵ دیڤید پاتریۆس لە عیراق ئەگەرچی لە کاتی خۆیدابوو لێ دەبوو حکومەتی هەرێم بەشێوە ڕەسمیەکەی و بە ئەجنداوە نامەی نارەزایی ئاراستەی ئەمریکا بکردایە لەسەر ئەو پێشێلکاریانەو داوای وەڵامی ڕەسمیشمان بکردایە کە ئاخۆ ئەوان ئێمە بە حکومەت ئەزانن یان دەواری شەڕ؟ ئەمریکاو ئێران و تورکیاش ئەبێ ئەوە بزانن نابێت کوردستان بکەنە سەکۆی ململانێکانیان و تاوێ بەشەڕی خوێناوی و بەکارهێنانی کارتی پەژاك و پەکەکەو تۆپبارانکرن و تاوێ بە هەرەشەی بەزاندنی سنورو تاوێ بە شەڕی دیبلۆماتی لەشارەکانی ئێمە بەگرتن و ڕفاندن و لە ژێرەوەش موغازەلەی یەکتری؟ ئەوەی کە لە کوردستان ڕوو ئەدات وێنەی لە هیچ وڵاتێکی موستەعمەرەشدا نیە؟ ئایا دەکرێت حکومەت بۆ ئەم پێشێلکاریانەش مامەڵەی نەرم و بێ پلان بێت و ئێمە هەردەم ئەوان بەدۆست و هاوپەیمان بزانین و ئەوانیش ئێمە بە خزمەتکارو کۆیلەی مۆدێرن و ئیهانەشمان بکەن؟!

* لە گۆشەی پەنجەرەی ژمارە 88 ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوبۆتەوە.